حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
ب .گرێبەستە گشتیەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
محافظة أربيل
م . العقود العامة

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT-IRAQ
MINISTRY OF INTERIOR/ERBILGOVERNORATE
PUBUC CONTRACTS

ژمارە : ١٧٦ / ٢٧٢ کوردی ٢ / ٥ /٢٠٢٣ زاینی

# ئـــاگـــاداری

## ب/ کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە ( ٨٢ )

پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەینێت بۆ پڕۆژەی (ڕوو پێوی و دیراسەتی هایدرۆلۆجی و هایدرولیکی ڕێڕەوی نوێ و پاراستنی شاری هەولێر لە لافاو) کە ( بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری هەولێر ) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەرو کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریمان بدەن بە مەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بە مەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لە ناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەری نوسرا بێت و پێش کەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێری خۆجێیەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی ( یەک شەممە) ڕێکەوتی ٢١ / ٥ / ٢٠٢٣ دەبێت . وە مەرج نیە فەرمانگەکەمان بە نزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت .وە کرێی بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

### مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا یان نوسینگەی ڕاوێژکاری تایبەتمەند بێت بە دیزاین لەم بوارە و کاری هاوشێوەی هەبێت و نوێ کراوە بێت .
- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی هەبێت و نوێ کراوە بێت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ .
- ماوەی پرۆژە ( ١٥٠ ) ڕۆژی تقویمییە .
- کاتی بەسەر چوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لە بەرواری کردنەوەی تەندەرەکە.
- سزای دوا کەوتن (٢١٥,٠٠٠ ) دوو سەد و پازدە هەزار دینارە بۆ یەك ڕۆژ.
- بارمتەی سەرەتایی بەڵیننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان و بەڵێندەر بکرێت و لەگەڵ تەندەر پێشکەش بکرێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی پشتگوێ دەخرێت .
- هیچ تەندەرێك وەرناگیرێتەوە لە دوای کات و ڕۆژی دیاریکراو لە سەرەوە .
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا لەگەڵ خۆی بێنێت وە بەناوی خۆی بێت ، ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت .
- بەڵێندەر دەتوانێت زانیاری زیاتر بە دەست بێنێت پێش کڕینی تەندەر بە سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان لە دیوانی پارێزگای هەولێر.
- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە ، وە ڕۆژانە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی تاکو (١) دوای نیوەڕۆ دەبێت.

### تێبینی :

دوو ڕۆژ پێش کردنەوە تەندەر نافرۆشرێت .
هەموو بەڵگە نامە داواکراوەکان لەکاتی پێشکەش کردن لەناو تەندەر دابنرێت.

ئومێد خۆشناو
پارێزگاری هەولێر

### وێنەیەك بۆ :

- ✓ وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ نوسینگەی بەڕێز پارێزگاری هەولێر / بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕیزدا ....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری هەولێر / بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە ڕۆژی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزماندا ...
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی تەندەرەکان
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری | بۆ جێ بەجێ کردن و کاری پێویست......
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان.
- ✓ ڕۆژنامەی خەبات / تکایە ئاگادارییەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ ڕۆژنامەی هەولێر / تکایە ئاگادارییەکە بڵاو بکرێتەوە بە پیتی ئاسایی , لەگەڵ ڕێزماندا ......
- ✓ یەکیتی بەلێندەرانی کوردستان/ لقی هەولێر بۆ ئاگاداریتان .
- ✓ هۆبەی فرۆشتنی تەندەرات / بۆ کاری پێویست
- ✓ پرسگە / بۆ هەڵواسینی ئاگادارییەکە .

فرهاد ٥/٣